# بەکارهێنانی ئایین بۆ مەصڵەحەت و بەرژەوەندی حیزب

نوسینی: دکتۆر.هیوا نجم الدین حیدر

**الحمد لله والصلاة والسلام علـى رسـول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه**:

زۆرێك دەبینین رێبازو مەنهەجیان بەپێی رۆژگارو بارودۆخ دەگۆڕێت، بەشێوەیەك مەصڵەحەتو بەرژەوەندی بنەمای کارەکانیانە، جا چی مەصڵەحەتی حزب بێت یان مەصڵەحەتی تاکە کەس .

تا وای لێهاتووە کاری حزبی بووەتە مەصڵەحەت بەڵام بەناو ئیسلامەوە، وە ئایین بووەتە رێگایەکی سەرەکی بۆ خەڵەتاندنی خەڵکیو بەکارهێنانیان بۆ مەبەستی جیاواز. مەصڵەحەت وای لە حزبیەکان کردووە کە هەر رۆژێك بەشێوازێکی جیاواز مامەڵە دەکەن، بەشێوەیەك ئەمرۆ فلان کەس دوژمنی حزبەو کەسێکە دەیەوێت ئیسلام بڕوخێنێت، بەڵام سبەی هەمان کەس برای بەڕێزو رێزدارە.

بەشێوەیەك تا دوێنێ جیهاد بوو، وە هەر کەسێك لەگەڵیان نەبووایە ئەوە پیاوی عیلمانیەکان بوو، بەڵام ئەمڕۆ جیهاد تەواو بوو، دەور دەوری کورسی و دەسەڵاتە، چونکە مەصڵەحەت وا دەخوازێت.

تادوێنێ دیموکراسیەت کوفر بوو، بەڵام ئەمڕۆ رێگای سەرکەوتنە، وە هەندێکیان تا سەر ئیسقان بڕوایان پێیەتی!!.

تادوێنێ بڕوایان وابوو ناکرێت دین لە سیاسەت جیابکرێتەوە، بەڵام ئەمڕۆ لە کۆنگرەدا فیکرەی تازە پێشنیار دەکەن بۆ ئەوەی دین لە سیاسەتو کاری سیاسی جیابکەنەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی پێویستیان نەهێناوەو ئەو

دەنگانەی کە لە پێشتردا هەیان بوو ئەمڕۆ لە دەستیان داوە، بۆیە لە بیرۆکەی ئەوەدان بیری لیبرالیزیم بهێننە ناو کاری ئیسلامیەوە لە کوردستاندا.

تا دوێنێ گۆرانیو موسیقا حەرام بوو، بەڵام ئەمڕۆ حەڵاڵە بەشێوەیەك تا بەرنامەیەکی ئایینی پێشکەش دەکەن ئەوە دەیان کلیبی گۆرانی ومۆسیقا پێشکەش بە بینەرانیان دەکەن، چونکە جمهور داوای ئەوە دەکەن، وە جێ بەجێ کردنی داواکاریەکانیان وا دەکات ئەندامەکانیان بمێننەوە لە نێو حزبدا، وە حزب بەوەش دەتوانێت سەرنجی شوێنکەوتوانی رابکێشێت، چونکە ئەندامانی حزب لەسەر گۆرانیو مۆسیقا پەروەردە بوونە، ئەگەر پێشکەشیان نەکەن ئەوە دەکشێنەوە، بۆیە حزب داواکارییەکانیان جێ بەجێ دەکاتو پاشان هەوڵ دەدات لێرەو لەوێ چەند بەڵگەیەك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە ئەمە دینەو هەرکەسێك بڕوای پێ نەبێت ئەوە لە دین تێ نەگەیشتووە.

تا دوێنێ لە تەلەفزیوێنەکانەوە ئەگەر ئافرەتێکی ڕووتی نیشان بدایە بەتایبەت لە کاتی هەواڵەکاندا ئەوە دایان دەپۆشی، بەڵام دونیای حزب گۆڕاوەو دونیا بەرەو پێشەوە چووەو مەصڵەحەتی حزب لەوەدایە کە کچی ئارایشتکراو و رازاوە هەواڵەکان بخوێنێتەوە، وە باوی ئەوە نەماوە کە کچی سەر ڕووت داپۆشرێت، بەڵکو ڕیکلام بۆ ئەو کۆمپانیایانەش دەکەن کە کچی سەر ڕووت بەکار دەهێنن لەکاتی ڕیکلام کردندا، لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردەو مامۆستاکانیان لە کاتی پێویستداو لە مزگەوتەکاندا دەڵێن سەر ڕووتی حەرامە!، برای خوێنەر دەزانی بۆچی شتەکان واگۆڕا؟ چونکە بەرژەوەندی حزب ئەوە دەخوازێت!!!.

وە بەیەك کێش و تەرازوو شتەکان ناپێون و سەیری کارەکان ناکەن، بەشێوەیەك ئەگەر کەسێکی سەلەفی هەڵەیەك بکات ئەوە دونیای لێ پڕ

دەکەن و تەپڵی دەکوتن، بەڵام ئەگەر مامۆستایەکی خۆیان یان سەرکردەیەکیان بە سەدان هەڵە بکات ئەوە هەر وادەزانن مێشە بە لای گوێیاندا ڕۆیشتووە.

هەروەها کاتێك مامۆستایەکی سەلەفی لەکارێکی شەرعیدا لەگەڵ سەرکردەیەکدا دەبینن دەڵێن سەلەفیەکان پیاوی سوڵتەن، بەڵام خۆیان ڕۆژانە لەگەڵیان کۆدەبنەوەو بەدەیان دەفەتەر دۆلاریان لێ وەردەگرن، وە لە هەڵبژاردندا بەیەك لیست دادەبەزن، ئەمانە هەموو لای ئەوان شەرعییە بۆ مەصڵەحەتی حزب بەڵام ئەوەی سەلەفیەکان دەیکەن ناشەرعییە.

ئەمڕۆ دەڵێن ئێمە دەمانەوێت ئیسلام حوکم بکات، سەیر دەکەیت بەیانی لەگەڵ حزبێکدا بەیەك لیست دادەبەزن کە دەیەوێت ئیسلام حوکم نەکات، چونکە مەصڵەحەتی حزب ئەوە دەخوازێت!!.

ئایا کارێکی باش دەکەن کە دەنگی زۆرێك لە شوێنکەوتووانیان دا بە «زەحمەتکێشان» کە بەدەنگی حزبەکەی خۆیان خاوەنی دە هەزار دەنگ نین بەڵام ئێستا لە پەرلەمان خاوەنی کورسیەکن کە دەکاتە نزیکەی بیست هەزار دەنگ، واتە نزیکەی دە هەزار دەنگی برا ئیسلامیەکان بۆ حزبی زەحمەت کێشان چوو، کەوابوو ئەو دە هەزار کەسە وەك ئەوە وایە ڕاستەوخۆ دەنگیان بە زەحمەت کێشان دابێت. ئایا دەزانن بۆچی وا لەم ئەندامانەی خۆیان دەکەن؟ چونکە مەصڵەحەتی حزب ئەوە دەخوازێت!!!.

هەروەها لە وەرگرتنی فەرموودەشدا مەصڵەحەت بەکار دەهێنن بەشێوەیەك ئەو فەرموودەیەی کە لەگەڵ مەنهەجی ئەواندا دەڕوات و وادەزانن خزمەت بە حزب دەکات، ئەوە وەریدەگرن و بانگەشەی بۆ دەکەن، وەکو چۆن هەموو کات باسی ئەو فەرموودەیە دەکەن کە

پێغەمبەری خواﷺ دەفەرمووێت: (من مات و ليس في عنقه بيعة مات ميتة جاهلية)(١) . چونکە بەکاری دێنن

(١) (صحيح مسلم: ج٣/ص١٤٧٨).

* هەرچەندە ئەم فەرموودەیەیش بەڵگەیە لەسەریانو دژیان نەك بەڵگە بێت بۆیان، چونکە باسی بەیعەتدانە بە پێشەوای موسڵمانان نەك بەیعەتدان بە حزب! ! چونکە ئەگەر بەقسەی ئەوان بێت دەبێت ئەو هەموو موسڵمانانەی کە مردوونو بەیعەتیان بە حزب نەداوە ئەوە بە شێوازێکی نەفامیو جاهیلی مردوونە! ! کە کەسی ژیرو هۆشمەندو لە خوا ترس قسەی وا ناکات، چونکە ئوممەتی ئیسلام نزیکەی هەشتا ساڵێکە حیزی بینیوەو ناسیوە زیاد لە(١٣٥٠) ساڵ بەسەر ئوممەتی ئیسلامدا تێپەڕیوەو حزب بوونی نەبووە ئایا ئەو هەموو موسڵمانانەی کە لەو سیانزە سەدەو نیوە مردوونە بە جاهیلیو نەفامی مردوونە؟! یاخود ئەم بەیعەتە بۆ پێشەوای موسڵمانانەو ئەمان خەڵکی سادەو ساویلکەی پێ دەخەڵەتێنن؟! پاشان ئەگەر ئەم بەیعەتە بۆ حزب بێت ئەوا جارێکی تریش لە دژیانە، چونکە فەرموودەی تر هەیە کە فەرمان دەکات بە کوشتنی کەسی دووەم کە دێتو داوای بەیعەت وەرگرتن لە خەڵك دەکات: (إذا بويع لخليفتين فاقتلوا الآخر منهما) . (رواه مسلم، وانظر: مشكاة المصابيح: ٣٦٧٦).

واتە: ئەگەر بەیعەت درا بە دوو خەلیفە ئەوا دووەمیان بکوژن.

کە لێرەدا ئاشکراتر دەردەکەوێت کە بەیعەت بۆ پێشەوای موسڵمانانە نەك بۆ حزب، وە ئەگەر

بۆ ئەو بەیعەتە حزبییەی کە خۆیان لە ئەندامەکانیان وەرگرتووە، بەڵام ئەو فەرموودەی کە خزمەت بەوان نەکات و دژی بەرنامەی حزب بێت ئەوە هەوڵ دەدەن باسی نەکەن و بیشارنەوە، وەکو ئەو فەرموودەی کە پێغەمبەری خواﷺ دەفەرمووێت: (إفترقت اليهود على إحدى وسبعين فرقة وافترقت النصارى على اثنتين وسبعين فرقة، وستفترق أمتي على ثلاث وسبعين فرقة كلها في النار إلا واحدة، قالوا من هي يا رسول الله ﷺ؟ قال: من كان على مثل ما أنا عليه وأصحابي) وفي رواية اخرى (هم الجماعة)(١).

واتە: جولەکە دابەشبوون بۆ حەفتاویەك بەش، وە گاورەکان دابەش بوون بۆ حەفتادوو بەش، وە ئوممەتەکەم دابەش دەبێت بۆ

بەیعەت بە دوو کەس درا ئەوا دەبێت دووەمیان بکوژرێت، چونکە بەیعەت تەنها بەیەك کەس دەدرێت، کە ئێستا هەر حزبەو بە جیا بەیعەت لە خەڵك وەردەگرێت جا وریابە! !
(م/ صلاح الدين).

(١) (سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : ١٤٩٢).

حەفتاوسێ بەش هەمووی بۆ ئاگرە تەنها یەك کۆمەڵ نەبێت، وتیان ئەو کۆمەڵە کێیە ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ؟ فەرمووی: ئەوانەن لەسەر وێنەی ئەو ڕێبازەن کەمن و هاوەڵانمی لەسەرە، وە لەگێڕانەوەیەکی تردا فەرمووی: ئەوانەن کە جەماعەتن.

بەڵکو هەندێکیان هەوڵدەدەن فەرموودەکە ضعیف بکەن، چونکە گورزێکە بۆ سەر حزبیەکان، وە هەندێکی تریان هەوڵدەدەن تەئویلی بکەن، بەشێوەیەك کە خۆیانیش دەزانن ئەو تأویل کردنە ڕاست نییە، بەڵام مەصلەحەتی حزب لای ئەوان لەپێشترە.

هەر ئەم مەصلەحەتەش وای کردووە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، وە لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر جیاواز بن، چونکە مەصلەحەتی حزب لە وڵاتێکدا وایە کە بەشێوەیەك بن، بەڵام لە وڵاتێکی تردا مەصلەحەتی حزب وا دەخوازێت شێوەیەکی تر بەکار بهێنن لە کاتی بانگەوازدا، هەروەکو شێخ ئەلبانی(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) **دەربارەی حزبی ئیخوان موسلمین دەفەرموێت:** « قلنا: الإخوان المسلمين في عمان غير الإخوان المسلمين في سوريا، هؤلاء وهؤلاء غير الإخوان المسلمين في مصر، ثم إن هؤلاء كلهم غير الإخوان المسلمين في السعودية!، **وهم في الحقيقة يتلونون!**.... وكل هؤلاء غير الإخوان المسلمين في العراق!.... بل الإخوان المسلمين في دمشق غير الإخوان المسلمين في حلب....) "سلسلة الهدى و النور" شريط (رقم ٦٠٠، الوجه الأول ، دقيقة ٢٥، ثانية ٤٧)

**واتە: ئیخوان موسلمین لە عەممان ئەو ئیخوان موسلمینە نییە کە لە سوریا هەیە، وە ئەو ئیخوانەی لە عەممانو سوریا هەیە ئەو ئیخوان موسلمینە نییە کە لە میسر هەیە، وە هەموو ئەمانەش ئەو ئیخوانە نین کە لە سعودیە هەیە، ئەوان لە ڕاستیدا هەمەجۆرن، هەموو ئەمانەش ئەو ئیخوانە نین کە لە عێراق دا هەیە، بەڵکو ئیخوان موسلمینی شاری**

دیمەشق جیاوازە لە ئیخوان موسلمینی شاری حەلەب.

لە حزبدا گرنگ ئەوە نییە کە چەندە کار بۆ ئیسلام دەکەیت بەڵکو ئەوە گرنگە کە چەندە کار بۆ مەصلەحەتی حزب دەکەیت!.

لە حزبدا ئەوە گرنگ نییە کە بیروباوەڕت پاکەو نوێژو عیبادەتت زۆرە، بەڵکو ئەوە گرنگە کە تا چەندە پەیوەستی بە بەرنامەی حزبەوە، هەر وەك (جاسم المهلهل)–کەیەکێکە لەشێخە گەورەکانی ئیخوان موسلمین لە وڵاتی کوێت– لە پەرتووکەکەی دا کە بەناوی (للدعاة فقط) لە لاپەرە (٩٦) دا، زۆر بە ڕاشکاوانە بنەمای خۆشەویستی و رق لێ بوون(الولاء والبراء) لەناو حزبی ئیخواندا روون دەکاتەوە و دەڵێت: (بل دعوة الإخوان ترفض أن يكون في صفوفها أي شخص ينفر التقيد بخططهم و نظامهم ولوكان أروع الدعاة فهماً للإسلام وعقيدته و أكثرهم قراءة للكتب ومن أشد المسلمين حماسة وأخشعهم في الصلاة).

واتە: بەڵکو بانگەوازی ئیخوان موسلمین رەتی دەکاتەوە کە لەریزەکانیدا کەسانێك هەبێت رابکەن و خۆیان بشارنەوە لەپەیوەست بوون بە ڕێگاو پەیڕەوەی ئیخوانەوە، ئەگەر چی ئەو کەسە سەرسامترین‌و چاکترین بانگەوازخواز بێت بۆ ئیسلام و بیروباوەری ئیسلامی، وە خوێندنەوەی پەرتووکی لەهەموویان زیاتر بێت و پەرۆشترین موسڵمان بێت، وە لەهەموویان خشوعی زیاتر بێت لە نوێژدا .

هەر بۆیە حزبییەکان ئەوە لایان گرنگ نییە کە شوێنکەوتوانیان عەقیدەیان عەقیدەیەکی پاکە یان نا، وە گرنگ نییە کە ئەندامەکانیان فێری زانست وعیلمی شەرعی دەبن یان نا، یان سەیر بکەن و بڕوانن تا بزانن چەندە توانیویانە ئیسلام بگەیەننە ئەو خەڵکە، نەخێر ئەمانە گرنگ نییە، بەڵکو ئەوەی لای ئەوان گرنگە ئەوەیە کە بزانن تا چەندە توانیویانە خەڵکی کۆبکەنەوەو بیان هێننە ناو حزبەوە، وە تا چەندە توانیویانە ژمارەی

ئەندامانی حزب زیاد بکەن و خەڵکی کۆبکەنەوەو سەرنجی خەڵکی بۆ خۆیان ڕابکێشن تاوەکو دەنگیان پێ بدەن لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، ئەمانەش هەمووی بەناو دینەوە ئەنجام دەدەن، بەڵام هەمووی مەصڵحەتی حزبە.

زۆرێك لە حزبیەکان بەزمانی حاڵیان نایانەوێت ئیسلام سەر بەخەن، بەڵکو دەیانەوێت حزبەکەیان سەر بکەوێت و بگات بە دەسەلآت، بۆیە بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش ئیسلام دەکەنە وەسیلەو بە کاری دێنن، چونکە زۆربەی خەڵکی (بۆ نموونە کوردستان) موسڵمانن و دەیانەوێت ئیسلام سەربکەوێت هەر بۆیە ئەوانیش ئیسلام بەکاردەهێنن بۆ دەستەکەوتنی مەصڵەحەتەکانی حزب، هەروەك لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا دەمان بینی کەسەرکردەو لایەنگرانی حیزبە ئیسلامیەکان حوکمی توشبوون بە گوناهی گەورەیان دەدا بەسەر ئەو کەسەی کە بەشداری هەڵبژاردنەکان ناکات بەدەنگدان، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایە ئەم کارە بەکارهێنانی دین نییە بۆ مەصڵەحەتو بەرژەوەندی حزب؟!.

لەبەر ئەوە ئەوان هەوڵ نادەن بۆ پەروەردە کردنی خەڵکی و بانگەواز کردنیان بۆ ئیسلامی راستەقینەو پاککردنەوەی بیروباوەڕیان، بۆیە ئەم ڕاستیانەش لە ڕێبازی ئیخوان موسلمین و فەرعەکانی دا ڕەنگی داوەتەوە، وەکو شێخ ئەلبانی«ڕەحمەتی خوای لێ بێت» ئەم ڕاستی یە ڕوون دەکاتەوەو دەفەرموێت:

«أنا أقول كلمة حق ـــ ولكن أكثر الناس لايفقهون ـــ **لا تجد في الإخوان المسلمين عالماً، لا تجد في الإخوان المسلمين عالماً**، لماذا؟ لأن هذا العالم سيدعو الناس الى دعوة الحق، و دعوة الحق تفرِّق الصف، وهم يريدون أن يكتّلوا وأن يجمِّعوا، وكنا نقول ولا نزال: الفرق بين دعوتناو دعوة غيرنا، دعوتنا تقوم على أساس ثقّف ثم كتِّل، دعوة غيرنا تقوم

على أساس كتّل ثم ثقّف ثم لا ثقافة، ولا شيء بعد ذلك.

**لأننا نجد مثلاً الإخوان المسلمين مضى عليهم نصف قرن من الزمان يعيش أحدهم ولا يعرف عقيدة الجارية**، عقيدة الجارية التي امتحنها رسول الله ﷺ في قوله: "**أين الله**" قالت: "في السماء!"، اسأل من شئت من روؤس هذه الجماعات: أين الله؟ يقول: وقف شعري مما قلته، هذا سؤال لا يجوز شرعاً، الله أكبر!، كيف يا شيخ ما يجوز والرسول ﷺ هو الذي وجّه مثل هذا السؤال، وكان ذلك تعليماً منه لنا؟ كيف تقول أنت: لا يجوز؟!. طيب يا سيدي أنا أخطأت، فعلتُ ما فعل الرسول ﷺ مع الجارية، لكني أخطأت فأريد الجواب، ما هو الجواب؟، الجواب: "الله في كل مكان"!!، أيّ عقيدة الإعتزال، وعقيدة الأشاعرة، التي خالفوا فيها أهل السنة و الجماعة حقّاً، اذا ما الفائدة هذا التكتل؟!، **يمضي عليهم خمسون سنة و أكثر، وهم لم يتعلموا شيئاً من الإسلام في تصحيح العقيدة على الأقل.**

**أما العبادات، أما الصلاة فهنا يصدق بالنسبة إليهم الحديث الذي لا يصح: "عليكم بدين العجائز"** وهم يصلون كما وجدوا آباءهم و اجدادهم، ما يتعرفون على صفة الصلاة النبي ﷺ، يحج أحدهم وهو لايدري كيف يحج .......

فإذاً ما الفائدة رفع الصوت والهتاف بالجهاد وهو قائدنا ورسولنا وهو الى آخره، ثم لا شيء، **لا تقدم في السياسة، ولا تقدم في العقيدة، ولا في العبادة ولا شيء إطلاقاً**، لأنه في الواقع الأمر كما قال تعالى: ﴿ **وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا وَإِنَّ اللَّهَ لَمَعَ الْمُحْسِنِينَ** ﴾ [العنكبوت: ٦٩]، **هؤلاء والله أعلم لا يجتهدون وهم يبتغون إعلاء كلمة الله عزوجل** كما جاء في حديث أبي موسى في الصحيحين لما قال رجل يا رسول الله ﷺ: الرجل منا يقاتل حمية هل هو في سبيل الله قال: لا، قال رجل منا يقاتل شجاعة، هل هو في سبيل الله؟ قال: لا، قال: ثالث و رابع، قال: فمن في سبيل الله؟ قال عليه الصلاة والسلام: **من قاتل لتكون كلمة الله هي العليا فهو في سبيل الله" وأنا اعتقد أن هؤلاء يعملون فقط للسياسة و بالتالي و بالعبارة الصحيحة للوظيفة فقط، ليكونوا روؤساً في الدولة، ويجلسون على الكراسي و يتحكمون في رقاب الناس**، بماذا؟، بالإسلام الذي لا

مفهوم له في صدورهم.» أ.هـ "سلسلة الهدى والنور" شريط رقم ٣٧١، دقيقة ٤٩، ثانية ٤٠

واتە: من وتەیەکی حەق دەڵێم-بەڵام زۆرێك لە خەڵکی لێی بێ ئاگان و تێ ناگەن- ئەویش ئەوەیە **کە لە نێو ئیخوان موسلمین دا زانا نییە، لە نێو ئیخوان موسلمین دا زانا نییە**، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئەم زانایە بەزووترین کات خەڵکی بانگ دەکات بۆ لای بانگەوازی حەق، وە بانگەوازی حەق ڕیزەکانی ئیخوان موسلمین تێك دەدات، بەڵام ئیخوان دەیەوێت تەکەتولات و یەك کۆمەڵی دروست بکات"بەباش و خراپەوە".

وە وتوومانە و بەردەوامیش دەیلێین کەوا: جیاوازی لەنێوان بانگەوازی ئێمە و بانگەوازی غەیری ئێمەدا ئەوەیە کە: بانگەوازەکەمان بەندە لەسەر بنەمای تێگەیاندنی خەڵکی پاشان کۆکردنەوەیان، بەڵام بانگەوازی غەیری ئێمە بەندە لەسەر بنەمای کۆکردنەوە پاشان تێگەیاندن پاشان بەبێ زانست و تێگەیاندن و کردار.

**بۆ نموونە ئێمە دەبینین ئیخوان موسلمین زیاتر لە نیو سەدە بەسەریاندا چووە و کەسانێکیان هەیە دەژی و تەنانەت بیروباوەڕی کەنیزەکەش نازانێت**، بیروباوەڕی ئەو کەنیزەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ تاقیکردەوە بەوەی کە پێی فەرموو: خوا لەکوێیە؟ ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی: لە ئاسمانە.

پرسیار بکە لە سەرکردە حزبیەکان، بەویستی خۆت، بڵێ خوا لەکوێیە؟، دەڵێت: قسەم بۆ نایەت لەبەر ترسناکی ئەوەی کە دەیلێت، ئەم پرسیارە لەشەرعدا دروست نییە!!.

الله أکبر!، ئەی شێخ چۆن دروست نییە لەکاتێکدا پێغەمبەر ﷺ ئەم شێوە پرسیارەی کرد، کە ئەمەش فێرکردنێکە لەوەوە بۆ ئێمە؟، کەوابوو چۆن دەڵێیت: دروست نییە؟. بەڵێ، گەورەم من هەڵەم کرد!!، کردارێکم ئەنجام دا کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ جاریەکەدا ئەنجامی دا،

بۆیە من هەڵە بووم!! بەڵام وەڵامم دەوێت، کەوابوو وەڵام چییە؟ وەڵام"لای ئەو": خوا لە هەموو شوێنێکە!!، واتە بیروباوەڕی موعتەزیلەو بیروباوەڕی ئەشعەری، کە تیایدا بەتەواوەتی موخالەفەی ئەهلی سوننەیان کردووە، کەوابوو ئەم تەکەتوول و کۆمەڵ بوونە سوودی چی یە"کە ئیخوان دەیکات"؟.

ئیخوان موسلمین لەسەرەتای بانگەوازەکەیانەوە پەنجا ساڵ زیاتر بەسەریاندا چووە، بەڵام تا ئێستا هیچ شتێك لە ئیسلام فێرنەبوونە، بەلایەنی کەمەوە لە چاکسازی بیروباوەڕ و عەقیدەدا.

بەڵام لەبواری عیبادات...، لەبواری نوێژکردن دا... ئەو فەرموودە "لاواز وضعیف"ەیان بەسەردا راست دەبێتەوە کە دەڵێت: "دەست بگرن بە دینی پیرەژنەکانەوە"!!.

نوێژ دەکەن وەکو چۆن باو و باپیرانیان نوێژیان کردووە، وە هیچ نازانن سەبارەت بە چۆنیەتی نوێژی پێغەمبەر ﷺ، حەج دەکەن نازانن چۆن حەج دەکرێت،..... کەوابوو سوودی ئەم دەنگ بەرزکردنەوەو بانگەشەی جیهادە چییە، کە دەڵێن پێغەمبەرﷺ پێشەواو پێغەمبەرمانە...، تا کۆتای، پاشان هیچ شتێکتان تێدا بەدی ناکرێت، نە پێشکەوتن لەبواری سیاسەتدا[1]، نە پێشکەوتن لەبواری عەقیدەدا، وە نە پێشکەوتن لە بواری عیبادەتدا، هیچ پێشکەوتنێکی راستەقینە لە ئارادا نییە بەهیچ شێوەیك، لەبەر ئەوە لەراستیدا کارەکە بەو شێوەیە کە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴾ [العنكبوت: ٦٩]، ئەوان "خوای گەورەش زاناترە" هەوڵ نادەن لە پێناو بەرز راگرتنی وشەو دینی خوادا، وەکو لە فەرموودەکەی ئەبو موسای ئەشعەریدا کە لە "الصحيحين"دا هاتووە، لەکاتێکدا پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ

(١) هەروەکو هاوڕایانیان بینران لەکوردستان چۆن فەشەلیان هێنا لە هەڵبژاردنەکاندا بەوەی کە دەنگەکانی خۆیانیشیان نەهێنا.

كەسێك لە ئێمە شەڕ دەكات لە پێناو خزمایەتی و برادەریدا، ئایا ئەم كارەی لە پێناو خوادا دایە؟، فەرمووی: نەخێر، پاشان وتی: ئایا ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ كەسێك لە ئێمە شەڕ دەكات لە پێناو ئەوەی بڵێن ئازایە، ئایا ئەمە لە پێناو خوادایە؟، فەرمووی: نەخێر، ..... وتی: كەواتە ئەی پێغەمبەری خوا كامە لەپێناو خوادایە؟، پێغەمبەری خوا ﷺ لەوەڵامدا فەرمووی: «هەركەسێك شەڕ و تێكۆشان بكات بۆ ئەوەی وشەی خوا بەرز بێت ئەوە لە پێناو خوادایە».

من بڕوام وایە ئیخوان موسلمین كردەوەكانیان تەنها لەبەر سیاسەتە، وە بە دەربڕینێكی ڕوونتر: تەنها لەبەر وەزیفەیە، بۆ ئەوەی ببن بە سەرۆك لە وڵاتدا، لەسەر كورسی دانیشن و حوكم بكەن لە نێوان خەڵكی دا، بەچی؟! بەو ئیسلامەی كە نەچەسپاوە لە دڵیاندا.

زۆرجاریش وشەی بریقەدارو ڕەونەق بەكار دەهێنن بۆ مەصڵحەتی حزب وەكو وشەی حاكمیەت و وشەی جیهادو فیقهی واقع و مەصڵەحەتی دەعوە....هتد، چونكە لە ڕێگەی بەكارهێنانی ئەم وشانە دەتوانن خەڵكی رابكێشن بۆ ناو حزب، وە ئەندامانی حزب كپ بكەنەوەو بێ دەنگیان بكەن لە بەرامبەر ئەو ناشەرعیانەی كە لەناو حزبدا دەیبینن.

بەشێوەیەك ئەگەر جەنگێك ئەنجام بدەن دەڵێن جیهادە.

وە ئەگەر بچنە نێو پەرلەمانەوە دەڵێن دەمانەوێت حاكمیەتی خوا بهێنینەوە.

وە ئەگەر بوترێت ئەو كارە حەرامە دەڵێن مەصڵەحەتی دەعوە ئەوە دەخوازێت.

بۆیە وای لێ هاتووە ئەم وشانە بە تایبەت وشەی "مصلحة الدَّعوة" بوەتە چەكێك بۆ گومڕا كردنی خەڵكی، بۆیە یەكێك لە زانایان دەفەرموێت: «إن

كلمة "مصلحة الدعوة" يجب أن ترفع من قاموس أصحاب الدعوات، لأنها مزلة و مدخل للشيطان، يأتيهم من حيث يعز عليهم أن يأتيهم من ناحية مصلحة الأشخاص، وقد تتحول مصلحة الدعوة الى صنم يتعبدُهُ أصحاب الدعوة، وينسون معه المنهج الأصيل المبني على كتاب الله وسنة رسوله وفهم سلف الأمة، وإن على أصحاب الدعوات المختلفة أن يستمسكوا بالنهج الأصيل، فالخطر الوحيد الذي يجب أن يتقوه هو خطر الانحراف عن هذا المنهج بسبب من الأسباب سواء أكان هذا الإنحراف كثيراً أو قليلاً، والله أعلم منهم بالمصلحة، وهم ليسوا بها مكلفين، إنما هم مكلَّفون بأمرٍ واحد ألا ينحرفوا عن المنهج وألا يحيدوا عن الطريق»أ.هـ.

**هەروەها شێخ** "عبدالمالك بن أحمد رمضاني" **دەربارەی بە کارهێنانی وشەی "جیهاد" لە لایەن حزبی و تەکفیریەکانەوە بۆ راکێشانی سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆیان دەفەرمووێت:**

« والخلاصة أننا في زمان هرج و فتن، استُسهِلَ فيه الخلاف الشديد بين الملة الواحدة، ورقَّ الدين في قلوب أهله الا ما شاء الله، ومورست الفتنة باسم الجهاد، تلك الكلمة العظيمة التي اتخذها كثيرٌ من الخطباء زينة خطبهم للوصول بها الى أعناق الجماهير وعطف قلوبهم إليهم، وهانت الدماء على أهلها، ورخصت أرواح المسلمين حتى على بني جلدهم، روى البخاري (٧٠٦٢) عن شقيق قال : كنت مع عبدالله وأبي موسى فقالا: قال النبيﷺ :"إن بين يدى الساعة لأياماً يترل فيها الجهل، ويرفع فيها العلم، ويكثر فيها الهرج، والهرج القتل"والله المستعان»أ.هـ

**هەر بۆیە پێویستە بەو وشە بریقەدارانە هەڵ نەخەڵەتێین، چونکە لەم رۆژگارەدا بۆ مەصڵحەتی حزب بەکاردەهێنرێن بەڵام بەناو دینەوە، وەکو خەواریج هەموو کات دەیان وت:** "إن الحكم إلا لله" **بەڵام ئیمامی عەلی** رضي الله عنه **لە بەرامبەردا دەیفەرموو:**

«كلمة حق يراد بها باطل».

**هەورەها گرنگترین شت لای ئەوان دەسەڵات و کورسییە نەك سەرخستنی ئیسلام، بۆیە لەم پێناوەدا تووشی**

**چـەندەها سەرپێـچی شـەرعی دەبـن، وەکـــو ئـــەوەی دەچــــنە نێــــو پەرلەمانێکـەوە کـەوا کـار بـە قورئـان ناکـات و ڕازیـن بـە دیموکراسـیەت کـە سەرچـاوەکەی خەڵکیــە، وەکاتێــك نکۆڵیـان لـێ دەکرێـت و بەرپەرچـیان دەدرێـــتەوە دەڵـــێن مەصـــڵحەتی دەعوەکە وا دەخوازێت و پێـشەنگمان پێغەمبــەر یوســـفە؛، بۆیـــە شـــێخ** عبـــدالمالك رمـــــضاني **بەرپەرچـیان دەداتـەوە و دەفـەرمووێت:** «وأما هؤلاء فقد أُعجِبوا بإيمانهم وحَسّنوا ظنّهم بأنفسهم حتى صوّر لهم الشيطان خيال التّـصلب في الحق، وهم ذائبون في رضا أنظمة الخلق، والله المستعان. أما يوسف ﷺ فلم يميِّع دينَه، ولم يَأْلُ من السياسة الشرعيّة جهدَه، ولا نفّـذ قانون الملك الكافر **بإسم مصلحة الدعوة** قال الله تعالى: ﴿مَا كَانَ لِيَأْخُذَ أَخَاهُ فِي دِينِ الْمَلِكِ إِلَّا أَن يَشَاءَ اللَّهُ ۚ نَرْفَعُ دَرَجَاتٍ مَّن نَّشَاءُ ۗ وَفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ (٧٦)﴾ [يوسف: ٧٦]..... **أما هؤلاء (المتكيّسون) اليوم فهم خاضعون للأوضاع القانونيّة اليوم أو غداً، بل قبل أن يمارِسوا السياسة لا بد أن يحلفوا على احترام الدستور! وقد حصل، بل لا نعرف أن غيره قد حصل. فعَجَباً لمن يُنَحّي الكفر بالكفر!»**(١).

**وە ئامانجی کۆکردنـەوەی خـەڵکی وای لـێ یـان کـردووە کـە بـەهیچ شێوەیەك باسی ئەو شتانە نەکەن کـە بەهۆیانەوە خەڵکی لێ یـان دەڕەنجـێ و لێ یان دوور دەکەوێتەوە، بۆ نموونە باسی ئـەو هەڵانـە ناکـەن کـە خـەڵکی تـێی کەوتوون وەکـو شـیرك‌و بیدعـە، بـەڵکو گرنگـی بـەو کـارە دەدەن کـە سـەرنجی خـەڵکی پـێ ڕادەکێـشرێت وەکو شێـخ** (صالح آل الـشيخ) **خـودا بیپارێزێـت سـەبارەت بـە مەنهـەجی ئیخوان موسلمین دەفەرمووێت:** «أيضا من مظاهرهم بل مما يميزهم عن غيرهم: أن الغاية عندهم من الدعوة هو الوصول إلى الدولة، هذا أمر ظاهرٌ بَيِّنٌ في منهج الإخوان بل في دعوتهم. الغاية من دعوتهم هي الوصول إلى الدولة، أمَّا أن ينجّي الناس من عذاب الله جل وعلا وأن تُبْعَث لهم الرحمة بهدايتهم إلى ما ينجهم من

---

(١) (مدارك النظر في السياسة).

عذاب القبر ومن عذاب النار وما يدخلهم الجنة وما يقربهم إليها فليس ذلك عندهم كثير أمرٍ ولا كبير شأن، ولا يهتمون بذلك لأن غاية عندهم هي إقامة الدولة ولهذا يقولون: **الكلام في الحكام يجمع الناس، والكلام في أخطاء الناس ومعاصيهم يفرق الناس، فآشغلوا ما به تجتمع عليكم القلوب**، وهذا لا شك أنه خطأ تأصيلي ونية فاسدة، فإن النبيﷺ بَيَّن أن مسائل القبر ثلاث: يسأل العبد عن ربه، وعن ربه، وعن دينه، وعن نبيه ﷺ، فمن صحب أولئك زمناً طويلاً وهو لم يعلم ما ينجيه إذ أدخل في القبر فهل نصح له؟ وهل حُبَّ له الخير؟ **إنما جعل أولئك ليستفاد منهم للغاية**، ولو أحبوا المسلمين حق المحبة لبذلوا النصيحة، فيما ينجيهم من عذاب الله، علَّموهم التوحيد، وهو أول مسئول عنه».

واتە: **هەروەها لەشێوەکانی بانگەوازی "ئیخوان" بەڵکو ئەوەی جیایان دەکاتەوە لە غەیری خۆیان، ئەوەیە کە مەبەستی بانگەوازکردن لای ئەوان ئەوەیە بگەنە دەسەڵاتو دەوڵەت،** ئەمەش کارێکی ڕوونو ئاشکرایە لە مەنهەجی ئیخواندا، بەڵکو لە بانگەوازەکەیاندا.

**مەبەست لە بانگەوازەکەیان ئەوەیە بگەنە دەسەڵات و دەوڵەت**، بەڵام ئەوەی خەڵکی ڕزگار بکەن لە سزای خودای گەورە، وە بەوەی ڕەحمەتیان بۆ بنێرن تاوەکو خودای گەورە هیدایەتیان بدات بەوەی ڕزگاریان بێت لە سزای گۆڕ و سزای ئاگری دۆزەخ، وە بەوەی بچنە بەهەشتەوەو نزیکیان بکەنەوە لێی، **ئەمانە لای ئەوان کارێکی زۆر گرنگ و مەبەستێکی گەورە نییەو** گرنگی پێ نادەن، چونکە مەبەست و خاڵی سەرەکی لای ئەوان بریتییە لە دروست کردنی دەوڵەت، بۆیە دەڵێن: قسەکردن بە کاربەدەستان خەڵکی کۆدەکاتەوە، بەڵام قسە کردن سەبارەت بە هەڵەو تاوانی خەڵك خەڵکی لەیەك دوور دەکاتەوە، بۆیە خۆتان سەرقاڵ بکەن بەوەی دڵی خەڵکی یەك دەخاتو کۆدەبنەوە لێتان" واتە قسە بە کاربەدەستان بکەن!!"....)).

["فتاوى العلماء في الجماعـــات وأثرهـــا على بلاد الحرمين" (الوجه الثاني، ســـاعة ١، دقيقة ٥،ثانيـــة ١١): شـــريط مـــن إصدار تسجيلات منهاج السنة الـــسمعية بالرياض ] .

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله و صحبه وسلم.